بەڕێوەبەرایەتیی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان داخستنی دەرمانخانەیەکی لە هەولێر ڕاگەیاند

بەڕێوەبەرایەتیی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان بڕیاری کردووەتەوە، ئەمڕۆ دووشەممە تیمی چاودێری بازاڕ کۆنترۆڵی جۆری دەرمان، بە هەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی شارەوانیی قایمقامییەتی قەزای ناوەندیی هەولێر، لە درێژەی هەوڵە بەردەوامەکانیان بە ڕەکخستنەوەی بازاڕی دەرمان، بە هەکاری فرەشتنی دەرمانی میری MOH، دەرمانخانەیەکیان لە هەولێر داخست.

ئاماژە بەوەش کراوە کە خاوەنی دەرمانخانەکەش ڕەکاری یاسایی لە بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

ئەوەش ئاشکرا کراوە دەرمانی میری MOH، ئەو دەرمانانەن کە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان، وەک خزمەتگوزاریی گشتی بە هاووڵاتیانی دابینکردووە و هاووڵاتیانیش بە خۆڕایی وەریدەگرن.